سەرۆک وەزیرانی عێراق پیرۆزبایی جەژنی ڕۆژووی ئەزی لەپێکهاتەی ئەزدی دەکات



ئەمە هەینی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، بەبۆنەی جەژنی ڕۆژووی ئەزی، پیرۆزبایی لە ئەزیدیەکان کرد.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە بەیاننامەیەکدا، دەڵێت: بەبۆنەی جەژنی ڕۆژووی ئەزی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، جوانترین و گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئەزیدیەکان دەکات لە ڕۆژەکانی گەلە بەڕێزەکەمان لە عێراق و جیهان و داواکارە خودای گەورە هەموو عێراقییەکان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە بپارێزێت و هەموو ڕۆژەکیان پڕ خێر و خۆشی بێت و نیعمەتی ئاسایش و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بەسەر عێراقماندا بەردەوام بێت.